# ئەرەستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پێش زاین)

ئەرەستۆ قوتابی پالتۆن بوو، بەاڵم سەبارەت بە مرۆڤ بیروبۆچوونێکی جیاوازی لەگەڵ پالتۆندا هەبوو. گرنگی زۆر بەوە دەدا کە زانیاری سەبارەت بە سەرجەم بوونەوەرە زیندووەکانی ناو سروشت هەبێت. هاوکات گرنگی بە ئاژەڵ و ڕووەکەکانیش دەدا . گرنگیدانی بە بوونەوەرەکانی ناو سروشت کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی بەرامبەر بە مرۆڤیش دانابوو. ئەرەستۆ لەگەڵ پالتۆندا هاوڕانەبوو. ئەم پێی وابوو کە جیهانی ئایدیایی و نموونەیی بوونی نییە، بەڵکوو جۆری جیاوازی ژیان هەیە .ئەرەستۆ بینی کە هەموو شتێک لە سروشتدا بە بەردەوامی لە گۆڕاندان. ئەو پێی وابوو کە گۆڕان لە سروشتدا شتێکی باشە، چوونکە سروشت باشتر کاردەکات و دەچێت بەڕێوە. دەنکە بەڕوویەکی سەر زەوی کەوتوو دەشێت بگۆڕێت بۆ درەختێکی گەورەی بەڕوو. سەرەمێکوتە دەگۆڕێت بۆ بۆق. هەموو شتێک لە سروشتدا لە گۆڕاندایە بۆئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن. الی ئەرەستۆ، ڕۆح شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گەشەکردنەکان بوو – بۆق دەبێت بازبدات و قیڕەقیڕ بکات، ئیتر ئەوە ڕۆحی بۆقەکەیە و ژیانی پێدەبەخشێت. خۆ ئەگەر سەیارەیک بۆقەکە پانکاتەوە، ئەوا جەستە و ڕۆحەکە نامینێت، چوونکە چیتر بۆقەکە ناتوانێت بازدات و بقیڕێنێت ئەرەستۆ لەو باوەڕەدابوو کە مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی لۆژیک و گەشەدان بە توانای بیرکردنەوەیەوە دەتوانێت پێشکەوێت.

ئەوکات مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی سروشتی و باشی هەبێت. لەگەڵ ئەوشدا ئەم فەیلەسووفە پێی وابوو کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەن، و ئەوەی قەبووڵ نییە کە کۆیلە و ژنان هەمان هەلی پیاوی ئازادیان بۆ برەخسێنرێت و هەبێت .ئەرەستۆ دەیگوت ئەو مرۆڤەی خوازیارە بەختەوەر بێت، ئەوا پێویستە توانای بیرکردنەوەی بەکاربهێنێت. هاوکات پێی وابوو کە مرۆڤی زیرەک و خاوەن مەعریفە هەمیشە ڕاستن. ئێمەش کارێکی باش دەکەین گەر میانرەوبین و هێڵی ناوەند بگرین. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوە ڕاستە

کە ئازایەتی بنوێنین، بەڵام هەڵەیە ترسنۆک و گێل بین. ئەوە راستە کە سەخی و بەخشندە بین، بەڵام هەڵەیە کە ڕژد و بەخیل بین یاخود دەستبڵاوبین.



*Illustrasjon: Pixabay*

## پالتۆن (ئەفالتۆن) (٤٢٨-٣٤٨ پێش زاین)

پالتۆن فەیلەسوف بوو. لە شاری ئەسینای یۆنانی چاوی بە فەیلەسوفێکی ترکەوت کە ناوی سوکراتس بوو و پالتون بوو بە قوتابی ئەو. پالتۆن دەیویست وەڵمی ئەوەی دەستکەوێت کە ئایا مرۆڤ چییە. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە مرۆڤ لە دووبەش پێکاهتووە،: جەستە )لەش( و ڕۆح .پالتۆن گوتی کە جەستە و ڕۆح سەر بە دوو جیهانی جیاوازن. جەستە سەر بەو جیهانەیە کە هەستی پێ دەکەین، واتە ئەو جیهانەی کە دەیبینین و دەیبیستین. کاتێک دەمرین، ئەوا جەستە دیارنامێنێت. ڕۆح سەر بە جیهانێکی سەرمەدییە کە ئێمە ناتوانین هەستی پێ بکەین، بەڵام تەنها بیری لێ دەکەینەوە. ئەو جیهانەشی ناونا جیهانی ئایدیایی یان جیهانی نموونەیی. پالتۆن پێی وابوو کە کەسایەتی ئێمە بەشێکە لە ڕۆحەکە، و کاتێک مرۆڤێک دەمرێت ئەوا ڕۆحەکە لە جیهانە ئایدیاکەدا درێژە بە ژیان دەدات.

پالتۆن ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات و ڕۆح دەچوێنێت بە عەرەبانچی. ئەو عەرەبانچییەی کە عەرەبانەی جووت ئەسپ لێدەخوڕێت، نموونەیەکە بۆ ئەقل و لۆجیکی ئێمە .

عەرەبانچییەکە دەبێت وریای ئەوە بێت کە جووت ئەسپەکە بە یەک ئاراستە بڕۆن. یەکێک

له ئەسپەکان ڕەنگی ڕەشە و نموونەیەکە بۆ ئەو شتەی کە تۆ زۆرت حەزت لێیەتی و خوازیاریت. دەشێت هەر لە حەزی خاوەندارێتی پارەیەکی زۆر و دەسەڵاتەوە بیگرە تا دەگات بە شیرینی و شەکرۆکە. شتێکی باش نابێت گەرئەسپە ڕەشەکە بە تەنها بڕیاری ئاراستەی عەرەبانەکە بدات. ئەسپەکەی تریان سپییە. ئەمیان دەربڕی ئیرادە و ویستمانە. باش نابێت گەر ئەمیش بە تەنها بڕیاری ئاراستەی ڕۆیشتنی عەرەبانەکە بدات.
عەرەبانچییەکە دەبێت هەردوو ئەسپەکە ڕام بکات، واتە ڕامکردنی حەز و ویستەکانمان . مرۆڤێک کە بە میانڕەوی و ئازایەتی و حیکمەت بژی ئەوا بە بڕوای پالتۆن مرۆڤێکی باشە.

لە زەمەنی پالتۆدا زۆر کەس لەو باوەڕەدابوون کە جیاوازی هەیە لە نیوان ڕۆحی مرۆڤی ئازاد و مرۆڤە کۆیلەدا، و لە نێوان پیاوان و ژناندا. پێیان وابوو کە ڕۆحی پیاوان لە ڕۆحی ژنان زیاتر گەشەی کردووە، وە ڕۆحی کۆیلەکان کەمترێک لە ڕۆحی پیاوە ئازادەکان گەشەی کردووە. پالتۆن هاوڕای ئەم بۆچوونە نەبوو کە جیاوازی بکرێت لەنێوان ڕۆحی مرۆڤە جیاوازەکان، و پێی وابوو کە دەبێت هەموان وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.



*Illustrasjon: Pixabay*